# دەزگای دژە تیرۆر یان دەزگای تیرۆر

**یاسین بانیخێلانی**

ئەم خانووە نەماڵی بن لادنە نە زەرقاوی، نە ئەو خانوەشە کورەکانی سەدام خۆیان تێدا حەشاردابوو، بۆ ئەوەی بەهەڵەشدا نەچن ماڵی ئەو تاوانبارە گەورانەش نییە دەستیان لە خوێنی سەدان کەسی بێگوناهدا سورە، ئەی دەبێت ماڵی کێ بێت وا ڕووبەڕووی چەندین چەکی قورس و هەزاران فیشەکی قەناس، بی کەی سی و کلاشینکۆف بۆتەوە؟.

**شوێن: دەربەندیخان**

**کات: نزیک یەکی پاش نیوەڕۆ**

**ڕێکەوت: 20ی تەمموز 2010**

**پلەی گەرما: بەرامبەر دەرگای دۆزەخ**

**ڕاستی ڕووداوەکە**: لەماڵەوە ویستم کەمێک ڕابکشێم و پشویەک بدەم، خوشکەکەم، کە بەسەردان لەوێ بوو هاواریکرد تەقەیە، منیش گوێم پێنەدا چونکە چەند ڕۆژی پێشووش چەند ڕووداوێکی تەقەکردن رویدابوو، ئەم جۆرە تەقەکردنانە خەڵک ناوی نابوو (ئەو بەزمەش هەیە) منیش لەدڵی خۆمدا گووتم: ڕەنگە هەر ئەو بەزمە بێت چەند ڕۆژ و شەوی پێشتر ڕوویاندا، کە بە پێویستی نازانم باسیان بکەم، بەڵام دیسان خوشکەکەم هاتەوە گووتی ئۆتۆمبیلی پۆلیس وفریاکەوتن لەبەردەم ماڵ خۆمانەوە بەرە خوار دەڕۆن و تەقە بەردەوام گەرم بوو، ئاخر خوایە گیان لەکاتی وادا مرۆڤ چی بکات، دەتوانیت بەرەو کوێ بڕۆیت، لەحەوشەکە وەستابووم دایکم بەپەلە قۆڵیگرتم و بەرەو ژوورەوەی بردم و گووتی: هەرچییەک هەیە کێشەی ئێمە نییە، من لە دڵی دایکم تێدەگەشتم، کەچەندین ساڵە نەمدیبوو ئێستا بۆ لای ئەو گەڕاومەتەوەو دوور نییە جارێکی تر نەیبینمەوە چۆن دڵی بشکێنم، کاتێک دەزانم دڵی ئەو چۆن لێدەدات! بەهەرحاڵ ڕۆیشتمە ژوورەوە ئاگام لەهیچ نەما تاکە شتێک بۆم کرا تەلەفۆنم بۆ کەسێکی نزیکم کرد و هەواڵەکەم پێگەیاند، گووتی خەمت نەبێت هەر ئێستا وەڵامت دەدەمەوە، 5خولەکی پێ نەچوو تەلەفۆنی بۆکردمەوەو هەواڵەکەی ئاوا گێڕایەوە...

"گەنجێکی دەربەندیخان بەناوی (س.س) تەمەن 28 ساڵ پێش چەند ساڵێک لەگەڵ هاورییەکی دەبێتە شەڕیان و بە چەقۆ هاوڕێکەی دەکوژێت، سەبارەت بەم کێشە کورە سزای یاسایی خۆی وەردەگرێت و کاتێک بەردەبێت دەربەندیخان بەجێدەهێڵێت، ساڵی پار دەگەڕیتەوە بۆ دەربەندیخان بەڵام لە بازگەی تونێلەکە لەگەڵ پۆلیسەکان توشی کێشە دەبێت و چی ڕوویداوە لەو کێشە هێشتا کەس بەتەواوی ئاگادار نییە، با ئێمە وا دابنێین ئەم کورە هەڕەشەی کردووە. شەوی هەمان ڕۆژ بازگەکە دەدرێتە بەردەستریژ و پۆلیسێکی هاتوچۆ دەکوژرێت و یەکێکی تر بریندار دەبێت، ئەوەی گومانی لەسەرە (س.س)ە بۆیە بڕیاری دەستگیرکردنی دەدرێت ئەوەیش خۆی نادات بەدەستەوەو هەڵدێت و کەس سۆراخی نازانێت، دیارە لەڕیگای دەزگای زانیاری و ئاسایشی دەربەندیخانەوە هەواڵ دەگات، کە ئەو کورە لەو ماڵەدا خۆی شاردۆتەوە، ئیتر هێز لە شاری کەلار و سلێمانیەوە دەگاتە دەربەندیخان و چواردەوری ماڵەکە دەگرن، هێزەکانیش

بریتیبوون لە پۆلیس و ئاسایشی کەلار و دەزگای دژە تیرۆر، کە بە جلڕەشەکان ناسراون"، ئەوەی لە میدیاکان بڵاوکراوەتە، کە بە تەنها ئاسایش و پۆلیسی دەربەندیخان بەشداربووە درۆیەکی شاخدارە و بەڵگەی زیندووم لەبەر دەستە. مرۆڤ لەکارەساتی وا سەری سوڕ دەمێنێ، بەو گەرمای نیوەڕۆ، منداڵ و زۆربەی خەڵک نووستوون لەگەڕەکێکی قەرەباڵخی وەک دەربەندیخان ئار بی جی تەقاندن دەبێت چ مانایەکی هەبێت بەرەو ڕووی ماڵێک کە نازانرێت چەند ژن و منداڵی تێدایە، ئەمە چ بەربەرییەتێکە بەرامبەر کەسێک هێشتا تۆمەتبارە نەک تاوانبار، لەماڵێکدا خۆی نادات بە دەستەوەو بەرگری لەخۆی دەکات، ئایا ڕێگای تر نەبوو بۆ دەستگیرکردنی، تەنها ئەوە نەبێت هەوڵبدەن خانووەکە بڕوخێنن بەسەریداو بەو نیوەڕۆ ترس بخەنە دڵی شارێکەوە، ئایا ئەوە ئەرکی دەزگای دژە تیرۆرە یان ئاسایش و پۆلیس ئەگەر مەرامی سیاسی لەپشت ئەم مەسەلەوە نییە، بۆ تۆقاندنی ئەوانەی دژی ئەو دەسەڵاتەن لەو شارەدا حوکم دەکات.







## لێکدانەوەی میدیاکان

ئەوەی لای من سەیرە میدیا بەناو ئەهلییەکانە لەهەموویان سەیرتر کەناڵی KNN و سایتی سبەیە، کە بە وتەی خۆیان جل ڕەشەکان هەڕەشەی شکاندنی کامێراکانیان کردووە لە پەیامنێرەکەیان بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم دوو لینکە بکەن (http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=28563&cat=1)
(http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&jimare=7901)

کاکی کامیرامان خۆی لەوێبوو، ئەی باشە پاش ڕۆشتنی ئەوان بۆ نەهات وێنە بگرێت، ئەی کە ئەمەی پێ نەکرا بۆ نەیتوانی ڕاستی ڕووداوەکە وەک خۆی بگێڕیتەوەو وەک میدیاکانی یەکێتی ڕووداوەکەی ڕوونووسکرد، ئایا کوشتنی مرۆڤێک بەو شێوە دڕندانە ئەوەندە ئاسانە بەسەر ڕۆژنامەنووسنادا تێپەڕیت، لە چ وولاتێکی دونیادا هەیە تۆمەتبارێک نەک تاوانبار لەماڵێکدا خۆی حەشاردابێت بەو شێوە دڕندانە بدرێتە بەر چەکی قورس!.

لە 17.4.2010 لەشاری لیس سەر بە کانتۆنی بێرنی سویسرا باندێکی ئۆتۆمبیل دزین لە فەرەنساوە چەندین ئۆتۆمبیلی مۆدێل بەرزیان دزی، لەهەمان شەودا لەڕێگای کامێرای چاودێرییەوە پۆلیس ئاگادارکرایەوە، دوو ئۆتۆمبیلیان هەڵهاتن، ئۆتۆمبیلێکیان لەسەر هێڵی خێرای نێوان فریبۆرگ و لۆزان کەوتە بەر تەقەی پۆلیس لە ئاکامدا نەفەری تەنیش شۆفێر تەمەن 19ساڵ دەکوژرێت، ئێستا پۆلیسەکە لەژێر لێکۆڵینەوەی وردایە، کە ئایا بە ئەنقەست کوشتوەیەتی یان نا، تا نووسینی ئەم بابەتە 2 جار پۆلیسەکە دادگاییکراوە، لەبەر ئەوەی پۆلیس مافی تەقەکردنی هەیە بەڵام مافی کوشتنی نییە، پۆلیس دەبێت زۆر ئاگادار بێت لە تەقەکردن. ڕووداوی زۆر هەن سەبارەت بە تاوانبار نەک تۆمەتبار و پۆلیس، بەڵام قەت بەو شێوە دڕندانە ناکەونە بەر هێرشی پۆلیس، یان ڕووداوەکەی ساڵی پاری شاری ڤینێندەن ی ئەڵمانیا، کە گەنجێک 10 قوتابی و سێ مامۆستای کوشت و دوو پۆلیسیشی بریندارکرد، بەڵام قوتابخانەکە نەدرایە بەر ئار بی جی فیشەک بەڵکو هەوڵ دەدرا هەر بە زیندوێتی دەستگیربکرێت تا کۆتایی خۆی کوشت، یان کوشتارگەی ئێرفورت ساڵی 2002 هەر لە ئەڵمانیا گەنجێکی 19ساڵان 12 مامۆستا، سکرتێرەیەک، 3 قوتابی و پۆلیسێکی کوشت و دواتر خۆی، کە بە گەورەترین کۆمەڵکوژی دێت لەمێژووی ئەڵمانیادا لە قوتابخانەیەکدا ڕوویدابێت، دیارە ڕووداو زۆرن سەبارەت بە یاخی بوونی گەنج لەم ڕۆی ئێمەدا، بۆیە هیوادارم ئەو میدیا ئازاد و بەناو ئەهلییانە بۆ هەر ڕووداوێک لێکۆڵینەوەی وردو درووست بکەن و نەکەونە ژێر فشاری دەسەڵاتەوە، ئەگینا وا بروات پۆلیسەکان جیگای مافیا دەگرنەوەو و دەزگای دژە تیرۆر بۆ خۆیان دەبنە دەزگایەکی تیرۆر.

سەیری ئەم لینکە بکەن بە ئەڵمانییە http://www.blick.ch/news/schweiz/westschweiz/pk-erschossener-autodieb-145111